## بیرەوەرییەکانی حەمزە فەراهەتی

فەراهەتی کادیری ڕێکخراوەی چریکەکانی فیدایی خەلق وئەندامی ئەکسەریتی ئەو سازمانە پاش دوو پارەبوونی سازمانی چریکەکان، ناوی لە گەڵ چەند ڕووداو گرێ دراوە: یەکەمیان ئەوەی تاقە کەسێک بووە کە لە ساڵی ١٩٦٨ لەکاتی خنکانی سەمەدی بیهرەنگی لە چۆمی ئاراس وەک یەکێک لە نزیکترین دۆستەکانی لەگەڵیدابووە. دووهەم بۆ کێشەی قەتڵی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاورێکانی لە رستورانی میکونوس لە لایەن پۆلیس و دادگای بەرلینەوە وەک زۆر کەسی دیکە لێکۆڵینەوە و پرسیاری لێ کرا، بۆئەوەی بزانرێ ئەو و دەیان ئێرانی دیکەی ناو ئوپوزیسیۆنی ئێرانی، کامیان هەواڵی کۆبوونەوەی میکونوسی گەیاندبوە دەزگای زانیاری حکومەتی ئێران.

لە بیرەوەرییەکاندا، کە بە زمانێکی گەلێک شیرن نووسراوە، فەراهەتی وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەداتەوە و خۆی بە دوور دەزانێت و باسی ڕووداوێکی هاوچەشنی کارەساتی سەمەد دەکات بۆخۆی و شەهید سەعید سوڵتانپور لە ئیتالیا.

فەراهەتی لە ساڵانی سەرەتای شۆرشی ١٩٧٩ی ئێراندا لە مەهاباد و بۆکان و نەغەدە و پیرانشەهر و سەردەشت بووە و وەک هەڵسووڕاوی چریکەکان لەو شارانەدا ئەرک و کاری بەڕێوە بردووە و هاوڕێ لەگەڵ هاوڕێ کورد و غەیرە کوردەکانی ماوەیەک لە خڕی ناوزەنگ لە باشووری کوردستان ژیاوە.

هەڵوێستی نووسەر بەرانبەر بە کوردستان و شەڕی کۆماری ئیسلامی گەلێک ئیجابی و باشە و لە شەڕی نەغەدەدا مەلا حەسەنی و مراد قەتاری و شەڕخوازانی دیکەی تاوانبار کردووە.

لە باسی بۆکاندا دەڵێ لەوێ، لە ماڵی شەهید مینەی شێرخانی ژیاوە و لە کۆبوونەوەی سێ ڕۆژەی لقی کوردستانی ئەکسەرییەت لە بۆکان بەشداریی کردووە، کە تێیدا بڕیار لەسەر وەستاندنی شەڕی چەکداری درا(ساڵی ١٩٨٠).

ئەو لاپەڕانەی لە کتێبەکەدا بۆکان دەگرنەوە بریتین لە:

٣١٦ تا ٣٢٢، ٣٢٥، ٣٥٤، ٣٥٦، ٣٥٧، ٤٠٢، کە زۆربەیان لە فەسڵێکدان بە ناوی "کوردستان". لەو بۆکانیانەی وا لە کتێبەکەدا ناویان هاتوە، انور شفیعی(٣١٦) و ابراهیم فەرشی(٣٦٥) و هەروەها شەهید مینەی شیرخانی و براکەین. نووسەر سەبارەت بە فەرشی دەنووسێت "یەک لە کادیرە گەلێک باشەکانی سازمان بوو". بەڵام ناوی انور شفیعی بە هەڵە تۆمار کردووە و زۆر واهەیە نیازی، شەهید سلێمان تیکان تەپە بووبێت کە لە شەڕی سنە شەهید کرا.

کتێبەکە کە بۆ ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران نرخێکی زۆری هەیە و وێ دەچێ نووسەر بە چاوێکی ڕاست بینانەوە سەیری کێشەکانی کردبێت.

حمزه فراهتی، "از آن سال ها ... و سالهای دیگر"، ویراستار: کیوان ارجمند، چاپ اول، انتشارات فروغ، آلمان، پائیز ۲۰۰۶/۱۳۸۵، ۵۲۵ صفحه(فارسی)